Vision Foundation
for Strategic Studies

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی (VFSS)

زنجیرەی توێژینەوە و پۆلیسیەکانی دامەزراوەی ڤیژن (VFRPS)

ژمارەی بڵاوکراوە: VFSS-PP-2026-007

جۆری بڵاوکراوە: پۆلیسی پەیپەر

بڵاوکەرەوە: دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

بەرواری بڵاوکردنەوە: تشرینی دووەمی ٢٠٢٦

ڕێکخستنی بازاڕی کار و دامەزراندنی گەنجان
لە هەرێمی کوردستانی عێراق

توێژەر:

د. زریان نەجات ڕەشید

شەقامی سعید کابان بەرامبەر پارکی ئازادی ، دامەزراوەی ڤیژن،بینای ژمارە ٢٨، سلێمانی،عێراق

+964 772 330 0005 Info@vfssiq.org www.visionfoundationiq.org

زانیاری بڵاوکراوە

ڕێکخستنی بازاڕی کار و دامەزراندنی گەنجان لە هەرێمی کوردستانی عێراق

دامەزراوە: دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، بەشی توێژینەوەکان

زنجیرە: زنجیرەی توێژینەوە و پۆڵسیەکانی دامەزراوەی ڤیژن (VFRPS)

ژمارەی بڵاوکراوە: VFSS-PP-2026-007

جۆری بڵاوکراوە: پۆڵسی پەیپەر

زمان: کوردی (سۆرانی)

یەکەم چاپ: تشرینی دووەمی ٢٠٢٦

ISSN: لە چاوەڕوانی تەرخانکردن

DOI: لە چاوەڕوانی تەرخانکردن

www.visionfoundationiq.org

info@visionfoundationiq.org

مافی لەبەرگرتن

Copyright © 2026

Vision Foundation for Strategic Studies (VFSS)

هیچ بەشێک لەم بڵاوکراوەیە نابێت بەبێ مۆڵەتی پێشووی دامەزراوەی ڤیژن لەبەر بگیرێت یان بڵاو بکرێتەوە.

ئاگادارکردنەوە

ئەو بۆچوون، شیکاری، دەرئەنجام و ڕاسپاردانەی لەم بڵاوکراوەیەدا هاتوون تەنها بۆ نووسەر دەگەڕێنەوە و پێویست نییە ڕەنگدانەوەی فەرمی دامەزراوەی ڤیژن بن.

شێوازی ئاماژەپێدان

زریان (٢٠٢٦).

ڕێکخستنی بازاڕی کار و دامەزراندنی گەنجان لە هەرێمی کوردستانی عێراق

Vision Foundation Research and Policy Series (VFRPS)

VFSS-PP-2026-007

Vision Foundation for Strategic Studies (VFSS). Sulaymaniyah, KRG

DOI: لە چاوەڕوانی تەرخانکردن

ڕێکخستنی بازاڕی کار و دامەزراندنی گەنجان لە هەرێمی کوردستانی عێراق

جۆری توێژینەوە: شیکاریی سیاسەتی لەسەر بنەمای بەڵگەی چۆنایەتی و یەکخستنەوەی سەرچاوەکان

پوختە

ئەم توێژینەوەیە کێشەی ڕێکخستنی بازاڕی کار و دۆزینەوەی هەلی دامەزراندن بۆ گەنجان لە هەرێمی کوردستانی عێراق لێکدەداتەوە. لە زۆر گفتوگۆی گشتی تایبەتیەکاندا، بێکاری بە کەمیی شارەزاییی تاکەکان یان کەمیی ژمارەی هەلی کار ڕوون دەکرێتەوە؛ بەڵام بەڵگەکانی ئەم توێژینەوەیە نیشان دەدەن کە کێشەکە قوواڵترە و پەیوەندی بە شێوەی ڕێکخستنی سیستەمی دامەزراندنەوە هەیە. زانکۆ و پەیمانگا، وەزارەتی کار، ناوەندی خزمەتگوزاریی دامەزراندن، کەرتی تایبەت، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و کرێکاران هەموویان لە هەمان بازاڕدا کار دەکەن؛ بەڵام داتا، ڕێکاری گواستنەوەی کارخواز، گرێبەست، چاودێری و هەڵسەنگاندنی ئەنجام بە شێوەیەکی پێکەوەبەستراو کار ناکەن.

توێژینەوەکە سێ بەڵگەنامەی پەیوەندیدار بە گفتوگۆی فۆکەس گروپ (focus group)، کە دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ڕێکی خستووە، لەگەڵ ئاماری فەرمیی KRSO/CSO/ILO، ڕاپۆرتەکانی UNESCO و بانکی نێودەوڵەتی، و بنەماکانی ILO یەکدەخاتەوە. میتودۆلۆژییەکە لە شیکاریی بابەتیی دەقی تومارکراوی گفتوگۆ (دەقی تومارکراو) و بەراوردکردنی بەڵگەی فەرمی و نێودەوڵەتی پێکدێت. بەڵگەی فۆکەس گروپ وەک داتای چۆنایەتی و دەنگی لایەنە پەیوەندیدارەکان مامەڵەی لەگەڵ کراوە، نەک وەک ڕاپرسییەکی نوێنەرایەتیکەر.

ئاماری KRSO بۆ ساڵی ٢٠٢١ ڕێژەی بەشداریی هێزی کار لە هەرێم بە ٤٥.٠٪ و ڕێژەی بێکاری بە ١٦.٥٪ نیشان دەدات. جیاوازیی ڕەگەزی زۆرە: بەشداریی ژنان ١٦.٥٪ و بێکارییان ٢٩.٦٪ بووە، لە کاتێکدا بەشداریی پیاوان ٧٣.٥٪ و بێکارییان ١٣.٦٪ بووە. لە ئاستی عێراقی گشتیدا، بێکاریی گەنجانی ١٥–٢٤ ساڵ ٣٥.٨٪، ڕێژەی گەنجانی دەرەوەی خوێندن و کار و فێرکاری (NEET) ٣٦.٧٪، و ڕێژەی کاری نافەرمی ٦٦.٦٪ بووە. لە ئاستی هەرێمدا، KRSO بێکاریی گەنجان بە ٣٧.٢٪ و ڕێژەی گەنجانی دەرەوەی خوێندن و کار و فێرکاری (NEET) بە ٢٩.٦٪ تومار دەکات.

ئەنجامەکانی شیکارییەکە نیشان دەدەن کە پێنج کێشە بەیەکەوە گرێدراون: پەرتەوازەییی دامەزراوە و داتا؛ ناگونجانی نێوان خوێندن و داواکاریی بازاڕ؛ کەمبوونی متمانە و پاراستنی یاسایی؛ بەربەستە تایبەتەکانی بەردەم ژنان و گروپە کەمدەستگەیشتووەکان؛ و سنووردارببوونی دەستگەیشتن بە دارایی و پشتیوانیی کارئافرێنی. بۆ وەڵامدانەوەی ئەم کێشانە، توێژینەوەکە چوارچێوەی «بازاڕی کاری یەکگرتوو» پێشنیار دەکات: پۆرتاڵێکی گشتیی دامەزراندن، تۆمارکردنی خزمەتگوزارییە گشتی و تایبەتەکان، بەستنەوەی زانکۆ و فێرکردنی پیشەیی و تەکنیکی بە داتای بازار، گرێبەستی ڕوون و پاراستنی کۆمەڵایەتی، و سیستەمێکی هەڵسەنگاندنی ئەنجام. ئەم چوارچێوەیە لەگەڵ بنەماکانی ILO بۆ سیاسەتی کار، خزمەتگوزاریی دامەزراندن و گواستنەوە لە ئابووریی نافەرمی بۆ فەرمی هاوتایە.

وشە سەرەکییەکان: *بازاڕی کار؛ بێکاریی گەنجان؛ هەرێمی کوردستان؛ خزمەتگوزارییەکانی دامەزراندن؛ ناگونجانی شارەزایی؛ ئابووریی نافەرمی؛ پاراستنی کۆمەڵایەتی؛ فێرکردنی پیشەیی و تەکنیکی.*

Abstract

This study examines the challenges of organising the labour market and identifying employment opportunities for young people in the Kurdistan Region of Iraq (KRI). In many public and policy discussions, unemployment is attributed to individuals' limited skills or an insufficient number of jobs. However, the evidence examined in this study indicates that the problem is deeper and concerns the organisation of the employment system. Universities and institutes, the Ministry of Labour, employment service centres, the private sector, international organisations, and workers all operate within the same market; however, data, jobseeker referral procedures, contracts, monitoring, and outcome evaluation do not function as an interconnected system.

The study triangulates three documents associated with a focus group organised by Vision Foundation for Strategic Studies with official statistics from the Kurdistan Region Statistics Office (KRSO), the Central Statistical Organization (CSO), and the International Labour Organization (ILO); reports from the United Nations Educational, Scientific and Cultural Organization (UNESCO) and the World Bank; and ILO principles. The methodology combines thematic analysis of the transcript with comparisons against official and international evidence. Focus group evidence is treated as qualitative data reflecting stakeholder perspectives, not as a representative survey.

KRSO statistics for 2021 indicate a labour force participation rate of 45.0% and an unemployment rate of 16.5% in the Region. Gender disparities are substantial: women's participation rate was 16.5% and their unemployment rate was 29.6%, compared with men's participation rate of 73.5% and unemployment rate of 13.6%. Across Iraq, unemployment among young people aged 15–24 was 35.8%, the proportion of young people not in education, employment or training (NEET) was 36.7%, and the informal employment rate was 66.6%. Within the Region, KRSO reports youth unemployment of 37.2% and a youth NEET rate of 29.6%.

The analysis identifies five interconnected problems: institutional and data fragmentation; mismatch between education and market demand; limited trust and legal protection; specific barriers facing women and underserved groups; and restricted access to finance and entrepreneurship support. To address these problems, the study proposes an "Integrated Labour Market" framework comprising a public employment portal, a network of public and private services, links between universities and technical and vocational education and training (TVET) and labour market data, clear contracts and social protection, and an outcome evaluation system. This framework is consistent with ILO principles on employment policy, employment services, and the transition from the informal to the formal economy.

Keywords: *labour market; youth unemployment; Kurdistan Region; employment services; skills mismatch; informal economy; social protection; technical and vocational education and training.*

الملخص

تتناول هذه الدراسة تحديات تنظيم سوق العمل وإيجاد فرص العمل للشباب في إقليم كوردستان العراق. ففي كثير من النقاشات العامة والسياساتية تُعزى البطالة إلى محدودية مهارات الأفراد أو قلة عدد الوظائف، غير أن الأدلة التي تتناولها هذه الدراسة تشير إلى أن المشكلة أعمق من ذلك وتتصل بطريقة تنظيم منظومة التشغيل نفسها. فالجامعات والمعاهد، ووزارة العمل، ومراكز خدمات التشغيل، والقطاع الخاص، والمنظمات الدولية، والعمال، يعملون جميعاً في السوق ذاتها، لكن البيانات وإجراءات إحالة الباحثين عن عمل والعقود والرقابة وتقييم النتائج لا تعمل بوصفها منظومة مترابطة.

تجمع الدراسة بين ثلاث وثائق مرتبطة بمجموعة نقاش مركّزة (focus group) نظمتها Vision Foundation for Strategic Studies، والإحصاءات الرسمية لهيئة إحصاء إقليم كوردستان (KRSO) والجهاز المركزي للإحصاء (CSO) ومنظمة العمل الدولية (ILO)، وتقارير منظمة اليونسكو والبنك الدولي، ومعايير منظمة العمل الدولية. وتقوم المنهجية على التحليل الموضوعي لنص النقاش المدوَّن ومقارنته بالأدلة الرسمية والدولية، مع التعامل مع أدلة مجموعة النقاش بوصفها بيانات نوعية تعكس وجهات نظر الأطراف المعنية، لا بوصفها مسحاً تمثيلياً.

تُظهر إحصاءات هيئة إحصاء إقليم كوردستان لعام ٢٠٢١ أن معدل المشاركة في القوى العاملة في الإقليم بلغ ٤٥,٠٪ وأن معدل البطالة بلغ ١٦,٥٪. والفجوة بين الجنسين كبيرة؛ إذ بلغ معدل مشاركة النساء ١٦,٥٪ ومعدل بطالتهن ٢٩,٦٪، مقارنةً بمعدل مشاركة للرجال بلغ ٧٣,٥٪ ومعدل بطالة بلغ ١٣,٦٪. وعلى مستوى العراق، بلغ معدل البطالة بين الشباب في الفئة العمرية ١٥–٢٤ عاماً ٣٥,٨٪، ونسبة الشباب غير الملتحقين بالتعليم أو العمل أو التدريب (NEET) ٣٦,٧٪، ومعدل العمالة غير المنظمة ٦٦,٦٪. أما على مستوى الإقليم، فقد بلغ معدل بطالة الشباب ٣٧,٢٪ ونسبة الشباب غير الملتحقين بالتعليم أو العمل أو التدريب ٢٩,٦٪.

ويحدد التحليل خمس مشكلات مترابطة: تشتت المؤسسات والبيانات؛ وعدم المواءمة بين التعليم واحتياجات السوق؛ وضعف الثقة والحماية القانونية؛ والعوائق الخاصة التي تواجه النساء والفئات الأقل حصولاً على الخدمات؛ ومحدودية الوصول إلى التمويل ودعم ريادة الأعمال. ولمعالجة هذه المشكلات، تقترح الدراسة إطار «سوق العمل المتكامل» الذي يضم بوابة عامة للتشغيل، وشبكة من الخدمات العامة والخاصة، وربط الجامعات والتعليم والتدريب التقني والمهني ببيانات سوق العمل، وعقوداً واضحة وحماية اجتماعية، ونظاماً لتقييم النتائج. ويتسق هذا الإطار مع مبادئ منظمة العمل الدولية المتعلقة بسياسة التشغيل وخدمات التشغيل والانتقال من الاقتصاد غير المنظم إلى الاقتصاد المنظم.

الكلمات المفتاحية: *سوق العمل؛ بطالة الشباب؛ إقليم كوردستان؛ خدمات التشغيل؛ عدم مواءمة المهارات؛ الاقتصاد غير المنظم؛ الحماية الاجتماعية؛ التعليم والتدريب التقني والمهني.*

١. پێشەکی

دامەزراندن تەنها دەرئەنجامێکی ئابووری نییە. ئەوە بە داهاتی خێزان، هەستی بەشداریی کۆمەڵایەتی، هیوای گەنجان، یەکسانیی ڕەگەزی و متمانە بە دامەزراوە گشتییەکانەوە پەیوەستە. بۆیە، هەر سیاسەتێک کە بێکاری بە تەنها بە «کەمیی شارەزایی» یان «کەمیی هەڵی کار» کورت بکاتەوە، بەشێکی گرنگی کێشەکە نابینێت. کارخواز دەبێت بتوانێت هەڵی کاری ڕاستەقینە بدۆزێتەوە، خاوەنکار دەبێت بتوانێت کەسی شایستە هەڵبژێرێت، و هەردوو لا دەبێت لە ژینگەیەکی یاسایی و متمانەپێکراودا پەیوەندی ببەستن.

لە هەرێمی کوردستاندا، لایەنە جیاوازەکان بە شێوەی جیاواز باس لە هەمان کێشە دەکەن. وەزارەتی کار لە ڕێکخستن و چاودێریی بازار دەدوێت؛ زانکۆ و پەیمانگا لە پەروەردە و دەرچووان؛ ناوەندی کاریش لە هاوتاکردنی کارخواز و خاوەنکار؛ کەرتی تایبەت لە کەمیی توانای پێویست؛ و کرێکاران لە گرێبەستی نادیار، ماف و پاراستنی کۆمەڵایەتی [1]، [2]. ئەم جیاوازییە لە تێڕوانینەکاندا تەنها جیاوازییەکی گوتاری نییە؛ بەڵکو نیشانەی پەرتەوازەییی سیستەمی دامەزراندنە.

بەپێی ئاماری KRSO بۆ ٢٠٢١، ڕێژەی بەشداریی هێزی کار لە هەرێم ٤٥.٠٪ بووە؛ بەشداریی پیاوان ٧٣.٥٪ و بەشداریی ژنان ١٦.٥٪ بووە. لە هەمان ساڵدا، ڕێژەی بێکاری ١٦.٥٪ بووە؛ بێکاریی پیاوان ١٣.٦٪ و بێکاریی ژنان ٢٩.٦٪ بووە. جیاوازیی نێوان پارێزگاکانیش بەرچاوە: بێکاری لە هەولێر ١٧.٧٪، لە سلێمانی ١٢.٠٪، لە دهۆک ٢٤.١٪ و لە هەڵەبجە ١٠.٤٪ تۆمار کراوە [4]. بەم پێیە، سیاسەتێکی یەکسان بۆ هەموو هەرێم ناتوانێت وەڵامی جیاوازیی جوگرافی، ئابووری و ڕەگەزی بداتەوە.

لە ئاستی عێراقی گشتیدا، ڕاپۆرتی هێزی کاری ساڵی ٢٠٢١ بێکاریی گەنجانی ١٥–٢٤ ساڵی بە ٣٥.٨٪ دیاری کردووە. ڕێژەی دامەزراندن بۆ دانیشتووانی گەنج ١٧.٠٪ بووە؛ بێکاریی ژنان ٢٨.٢٪ و بێکاریی پیاوان ١٤.٧٪ بووە. هەروەها ٦٦.٦٪ ـی کۆی دامەزراندنەکان بە پێی پێناسەی ڕاپۆرتەکە نافەرمی بوون [5]. ئەم ژمارانە بە تایبەتی بۆ عێراقن و نابێت بەبێ پشتڕاستکردنەوە بۆ هەرێم گواستڕێنەوە؛ بەڵام بۆ دانانی دۆخی هەرێم لە چوارچێوەی کێشەی نیشتیمانیی بازاڕی کار بەهادارن.

ڕاپرسیی KRSO ژمارە هاوتاکانی ئاستی هەرێمیش دەخاتەڕوو. بێکاریی گەنجانی ١٥–٢٤ ساڵ لە هەرێم ٣٧.٢٪ بووە، بەراورد بە ١٠.٢٪ لە نێو گەورەساڵاندا، و ٢٩.٦٪ـی گەنجان لە دەرەوەی خوێندن و کار و فێرکاریدا بوون؛ ئەم ڕێژەیە لە نێو ژنانی گەنجدا ٤٠.٥٪ و لە نێو پیاوانی گەنجدا ١٩.٨٪ بووە [4]. بەم پێیە، بێکاریی گەنجان لە هەرێم کەمێک لە ڕێژەی نیشتیمانی بەرزترە، بەڵام ڕێژەی NEET نزمترە.

پرسیاری سەرەکیی توێژینەوەکە ئەمەیە: چۆن دەتوانرێت سیستەمێکی یەکگرتووی خزمەتگوزاریی دامەزراندن لە هەرێمی کوردستان دروست بکرێت کە زانکۆ و پەیمانگا، فێرکردنی پیشەیی و تەکنیکی، وەزارەتی کار، ناوەندی گشتی و تایبەتیی دامەزراندن، کەرتی تایبەت و کرێکار بە داتا و ڕێکاریی ڕوونەوە پێکەوە ببەستێت؟

١.١. ئامانجەکانی توێژینەوە

ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەکە شیکردنەوەی ئەوەیە کە چۆن پەرتەوازەییی دامەزراوەیی و داتا، ناگونجانی شارەزایی، لاوازیی پاراستنی کرێکار و کەمبوونی متمانە بە یەکەوە کاریگەری لەسەر بازاڕی کاری گەنجان لە هەرێمی کوردستان دەکەن. بەتایبەتی، توێژینەوەکە ئەم ئامانجانەی خوارەوە هەیە: (١) ناساندنی بەربەستە دامەزراوەیی و یاساییەکان؛ (٢) بەراوردکردنی پەیوەندیی نێوان خوێندن و داواکاریی بازار؛ (٣) لێکدانەوەی ڕۆڵی متمانە، گرێبەست و پاراستنی کۆمەڵایەتی؛ و (٤) پێشنیارکردنی چوارچێوەیەکی یەکگرتوو بۆ خزمەتگوزاریی دامەزراندن و هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکان.

توێژینەوەکە چوار پرسیاری لاوەکی بەدوادا دەچێت: (١) کام بەربەستانەی دامەزراوەیی و یاسایی پەیوەندیی نێوان کارخواز و خاوەنکار لاواز دەکەن؟ (٢) ناگونجانی نێوان پڕۆگرامەکانی خوێندن و داواکارییەکانی بازار چۆن دروست دەبێت و چۆن دەتوانرێت کەم بکرێتەوە؟ (٣) کاری نافەرمی و کەمبوونی متمانە چ کاریگەرییەکیان لەسەر مافی کرێکار و بەشداریی ژنان هەیە؟ (٤) چ جۆرێک لە پۆرتاڵ، ناوەندی کار و سیستەمی هەڵسەنگاندن دەتوانێت سیاسەتێکی بەردەوام دروست بکات؟

بەهای سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە کێشەی دامەزراندن بە شێوەیەکی سیستەمی دەبینێت. لەبری ئەوەی بەرپرسیاریی بێکاری تەنها بخاتە سەر شانی کارخواز یان دامەزراوەی خوێندن، پەیوەندیی نێوان داتا، پەروەردە، خزمەتگوزاریی دامەزراندن، یاسا، کەرتی تایبەت و پاراستنی کۆمەڵایەتی لێکدەداتەوە.

٢. پێداچوونەوەی ئەدەبیات و چوارچێوەی شیکاری

٢.١. دامەزراندن وەک سیستەمێکی چەندلایەن

هەلی کار لە خاڵی کۆتاییی خوێندن یان لە کاتی بڵاوکردنەوەی ئاگەیاندنێکدا دروست نابێت. دامەزراندن زنجیرەیەکە کە لە زانیاریی داواکاریی بازار دەست پێدەکات؛ بە پەروەردە و پەرەپێدانی تواناکان بەردەوام دەبێت؛ بە ڕێنماییی پیشەیی، تۆمارکردنی کارخواز و هاوتاکردنی پۆستی بەتاڵ و کاندید گەشە دەکات؛ و بە گرێبەست، مووچە، پاراستنی کۆمەڵایەتی و چاودێریی یاسایی تەواو دەبێت. لاوازیی هەر یەکێک لەم ئەڵقانە دەتوانێت بە بێکاری، کاری ناتەواو، کاری نافەرمی یان هەڵخەڵەتاندنی کارخواز دەربکەوێت.

ڕاسپاردەی ژمارە ١٢٢ی ILO پێشنیار دەکات سیاسەتی کار ئامانجی دامەزراندنی تەواو، بەرهەمدار و بە ئازادی هەڵبژێردراو هەبێت. ئەم سیاسەتە دەبێت پشت بە داتای بازاڕ، پێشبینیی هێزی کار، ڕاهێنان، خزمەتگوزاریی دامەزراندن و گفتوگۆی نێوان حکومەت، خاوەنکار و کرێکار ببەستێت [11]. بەم پێیە، ناوەندی کار تەنها شوێنی پڕکردنەوەی سیڤی نییە؛ بەڵکو بەشێکە لە ژێرخان و سیاسەتی بازاڕی کار.

٢.٢. خزمەتگوزاریی گشتی و تایبەتیی دامەزراندن

کۆنڤەنشنی ILO ژمارە ٨٨ گرنگیی خزمەتگوزاریی گشتیی دامەزراندن لە ڕێکخستنی بازار و یارمەتیدانی کارخواز و خاوەنکار دیاری دەکات. کۆنڤەنشنی ژمارە ١٨١ ـیش چوارچێوەی ڕێکخستنی ئاژانسە تایبەتییەکانی دامەزراندن و پاراستنی بەکارهێنەرانیان دەخاتەڕوو [10]. ئەم دوو بنەمایە پێمان دەڵێن کە بوونی ناوەندی تایبەت بە خۆی کێشە نییە؛ کێشە ئەوەیە کە ناوەندەکان چۆن مۆڵەت و چاودێری دەکرێن، چۆن پۆستە بەتاڵەکان پشتڕاست دەکرێنەوە و کارخواز لە کاتی زیاندا بۆ کوێ سکاڵا دەکات.

لە هەرێمدا، بەڵگەکانی فۆکەس گروپ باس لە بوونی ناوەندی فەرمی، ناوەندی بێمۆڵەت و پلاتفۆرمی ئۆنلاین دەکەن؛ بەڵام هەمان بەڵگە لە ناڕوونیی مۆڵەت، کەمبوونی هەماهەنگی و بوونی شوێنی فەیکیش دەدوێت [1]، [2]. بۆیە پۆرتاڵێکی گشتی دەبێت تەنها لیستی کار و پۆستی بەتاڵ نەبێت؛ پێویستە تۆماری مۆڵەت، زانیاریی خزمەتگوزاری، ڕێگای سکاڵا و دۆخی چاودێریی هەر ناوەندێک پیشان بدات.

٢.٣. ناگونجانی شارەزایی و پەیوەندیی خوێندن و بازار

ڕاپۆرتی UNESCO لەسەر هەڵسەنگاندنی بازاڕی کار و شیکاریی شارەزایی لە عێراق و هەرێمی کوردستان، ئامانجی خۆی بەراوردکردنی ئەو شارەزاییە دیاری دەکات کە دامەزراوەکانی فێرکردنی پیشەیی و تەکنیکی دایدەڕێژن لەگەڵ ئەو توانایانەی کە کەرتەکانی ئابووری داوای دەکەن [7]. ڕاپۆرتەکە بوارەکانی کۆمەڵەفرۆشی و تاکفرۆشی و چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل، گواستنەوە و کۆگا، بەرهەمهێنان، تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندی، بیناسازی، میوانداری و کشتوکاڵ لەخۆ دەگرێت.

توێژینەوەی Whiteside و Cross لەسەر ئامادەیی دەرچووان بۆ دامەزراندن (employability) لە زانکۆ گشتییەکانی هەرێمی کوردستان نیشان دەدات کە ناگونجانی شارەزایی بە تەنها بە کەمیی توانای خوێندکار ڕوون ناکرێتەوە. کەلتووری دامەزراوەیی، شێوازی فێرکردن، چاوەڕوانیی خێزان، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پێکهاتەی کەرتی تایبەتیش کاریگەرییان لەسەر دەرفەتی دامەزراندن هەیە [8]. بەم پێیە، خولێکی کورت لەسەر پەیوەندیکردن یان کاری بەکۆمەڵ بە تەنیا چارەسەر نییە؛ پێویستە پەیوەندیی نێوان خوێندن، خاوەنکار و خزمەتگوزاریی دامەزراندن بە شێوەی دامەزراوەیی بەهێز بکرێت.

٢.٤. ئابووریی نافەرمی، متمانە و پاراستنی کۆمەڵایەتی

بانکی نێودەوڵەتی ئابووریی نافەرمیی عێراق تەنها وەک کێشەیەکی یاسایی نابینێت؛ بەڵکو لە ڕێگەی پەیوەندییەکی ئاڵۆزی نێوان داهاتی خێزان، بەرهەمداریی بزنس، تێچووی تۆمارکردن، پشکنین، متمانە بە حکومەت، دارایی و پاراستنی کۆمەڵایەتییەوە لێکی دەداتەوە [9]. بەپێی ئەو ڕاپۆرتە، زۆرێک لە بزنسە نافەرمییەکان بە پاشەکەوتی خۆی یان یارمەتیی خێزان دەست پێدەکەن، لە دامەزراوە دارایییەکان دوورن و بە هۆی پرۆسەی ئاڵۆز، نرخ، پێویستیی کەفیل و کەمبوونی متمانە خۆ لە تۆمارکردن دەدزنەوە.

بانکی نێودەوڵەتی چوارچێوەی «پاراستن - پەرەپێدان - جێبەجێکردن» پێشنیار دەکات. پاراستن بۆ کارمەند و خاوەنکاری کەمداهاتە؛ پەرەپێدان بۆ بەرزکردنەوەی شارەزایی، بەرهەمداری و دەستگەیشتن بە دارایی؛ و جێبەجێکردن بۆ پێشێلکارییە گەورە و دووبارەبووەکانە، بە شێوەیەکی هێواش و ئامانجدار [9]. ئەم چوارچێوەیە بۆ هەرێم گرنگە، چونکە فەرمیبوون بەبێ سوودی ڕوون بۆ کرێکار و بزنس ناتوانێت متمانە دروست بکات.

لە دەقی تۆمارکراوی فۆکەس گروپدا، متمانە بە چەند ئاستێک دەردەکەوێت: متمانەی کارخواز بە ناوەندی کار، متمانەی کرێکار بە خاوەنکار، متمانەی خاوەنکار بە وەزارەت و متمانەی گەنج بە داهاتووی کەرتی تایبەت [2]. باسکردنی گرێبەست بە زمانێک کە کرێکار لێی تێناگات و کەمکردنەوەی مووچە، نموونەیەکی چۆنایەتییە بۆ ئەوەی پاراستنی کرێکار تەنها بە بوونی یاسا پێک نایەت؛ پێویستی بە گرێبەستی ڕوون، زانیاریی یاسایی و ڕێگای کاریگەری سکاڵا هەیە.

٣. میتۆدۆلۆژیا

٣.١. دیزاینی توێژینەوە

ئەم کارە توێژینەوەیەکی شیکاریی کردارییە کە بەڵگەی چۆنایەتی و داتای فەرمی بە یەکەوە دەبەستێت. هەرێمی کوردستان وەک نموونەیەکی ناوچەیی لێکدراوەتەوە بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندیی نێوان دامەزراوەکانی خوێندن، خزمەتگوزاریی دامەزراندن، کەرتی تایبەت و سیاسەتی کار.

دیزاینەکە دوو جۆر بەڵگە یەکدەخاتەوە. یەکەم، بەڵگەی بنەڕەتیی چۆنایەتییە: دەقی تۆمارکراوی فۆکەس گروپ و بەڵگەنامەکانی دامەزراوەی ڤیژن کە تێڕوانینی لایەنە پەیوەندیدارەکان و پێشنیارە کارگێرییەکان تۆمار دەکەن [1]–[3]. دووەم، بەڵگەی دووەمەکییە: ڕاپۆرت و ئاماری KRSO/CSO/ILO، توێژینەوەی UNESCO و بانکی نێودەوڵەتی، توێژینەوەی ئەکادیمی و ستانداردەکانی ILO [4]–[12].

وێنەی ١. مۆدێلی چەمکی توێژینەوە



لە هەموو قۆناغەکاندا، مۆڵەت، چاودێری، گرێبەست و داتا وەک میکانیزمی پەیوەستکەر کار دەکەن.

٣.٢. سەرچاوەکانی داتا

سێ بەڵگەنامەی فۆکەس گروپ بنەمای کۆمەڵە بەڵگەی چۆنایەتیی توێژینەوەکەن. بەڵگەنامەی یەکەم دەقی سکانکراو و پێشنیارە سەرەتاییەکان لەخۆ دەگرێت، بەڵام بەشێک لە دەقەکە بەهۆی کوالێتیی سکانەوە نادیارە [3]. بەڵگەنامەی دووەم دەقی تۆمارکراوی درێژی گفتوگۆیە و بەشداریی نوێنەرانی حکومەت، زانکۆ، پەیمانگا و ڕاهێنان، ناوەندی کار، کەرتی تایبەت، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، کرێکاران و سەندیکا تێدا تۆمار کراوە [2]. بەڵگەنامەی سێیەم کورتەی ڕێکخراوی فۆکەس گروپ و خاڵە سەرەکییەکانی کێشە و پێشنیارەکان کۆدەکاتەوە [1].

هەڵبژاردنی بەشداربووانی گرووپی فۆکەس

بەشداربووانی فۆکەس گروپ بە هەڵبژاردنی ئامانجدار (purposive selection) بانگهێشت کراون؛ بنەمای هەڵبژاردن شارەزایی و پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە بوارەکانی بازاڕی کار، دامەزراندن، خوێندن و ڕاهێنان، خزمەتگوزاریی دامەزراندن، کەرتی تایبەت، کار و مافەکانی کرێکار بووە. بەم شێوەیە، نوێنەرایەتیی لایەنە پەیوەندیدارەکان مەبەستی هەڵبژاردن بووە، نەک دروستکردنی نموونەیەکی ئاماریی نوێنەرایەتیدار. ئەم ڕوونکردنەوەیە گرنگە چونکە دەنگی بەشداربووان وەک بەڵگەی چۆنایەتی مامەڵەی لەگەڵ کراوە.

ژمارەی دەقە تۆمارکراوەکان و بەشداربووان

کۆمەڵە داتای سەرەکییەکە یەک دەقی تۆمارکراوی درێژی گفتوگۆی فۆکەس گروپ، کە لەگەڵ دوو بەڵگەنامەی پشتیوانیی هەمان فۆکەس گروپدا کۆی گشتیی سێ بەڵگەنامەی فۆکەس گروپ پێک هێناوە. هەموو بەشەکانی ئەو یەک دەقە تۆمارکراوەی بەردەست بوو، لەگەڵ هەموو دەنگ و قسەکەرانی تێدا تۆمارکراو، لە شیکارییەکەدا هەڵگیراون و هیچ بەشێک بە شێوەی نموونەیی لانەبراوە. بەڵام سەرچاوەی بنەڕەتی ژمارەی بەشداربووانی ناوبراو بە ڕوونی نانووسێت؛ بۆیە ژمارەیەکی خەمڵێنراو دانانرێت و ئەنجامەکان بە ژمارەی بەشداربووانەوە ناونرێن، بەڵکو بە پێی جۆری لایەن و بابەتی گفتوگۆ ڕێکخراون.

لەگەڵ ئەمانەدا، LFS 2021 ـی KRSO و CSO بە پشتگیریی ILO بۆ وەسفکردنی بارودۆخی هەرێم بەکار هاتووە [4]. ڕاپۆرتی نیشتیمانیی Iraq Labour Force Survey 2021 بۆ بەراوردی هەرێم لەگەڵ عێراق و بۆ پێوانەکردنی دۆخی گەنجان، ژنان و کاری نافەرمی بەکار هاتووە [5]. ڕاپۆرتەکانی UNESCO و بانکی نێودەوڵەتی بۆ دانانی چوارچێوەی پەیوەندیی خوێندن و بازار، و ئابووریی نافەرمی و فەرمیکردن بەکار هاتوون [7]، [9].

خشتەی ١. سەرچاوەکانی بەڵگە و ڕۆڵیان لە شیکارییەکەدا

جۆری سەرچاوە	ناوەڕۆک	ڕۆڵ لە شیکارییەکەدا
بەڵگەنامە و دەقی تۆمارکراوی فۆکەس گروپ	دەنگی لایەنە پەیوەندیدارەکان و پێشنیارە کارگێرییەکان	دەستنیشانکردنی کێشە، میکانیزم و پێشنیار
KRSO/CSO/ILO LFS 2021	ئاماری هێزی کار، بێکاری و نافەرمی	وەسفکردنی بارودۆخی هەرێم و عێراق
UNESCO	هەڵسەنگاندنی بازار و شیکاریی شارەزایی	پەیوەندیی خوێندن و داواکاریی کەرتەکان
بانکی نێودەوڵەتی	ئابووریی نافەرمی، دارایی و متمانە	چوارچێوەی پاراستن، پەرەپێدان و جێبەجێکردن
ILO	سیاسەتی کار، خزمەتگوزاری و فەرمیکردن	بنەمای پێوەری و یاساییی پێشنیارەکان

٣.٣. شیکاریی داتا

بۆ دەقە تۆمارکراوەکە شیکاریی بابەتی بە شێوەی دوو قۆناغ ئەنجام دراوە. لە قۆناغی یەکەمدا، دەقەکە بە پێی قسەکەر و بابەتی گفتوگۆ ڕێکخراوە و کۆدە سەرەتاییەکان بۆ ئەم بیرۆکانە دانراون: هەماهەنگی، ناوەندی کار، پۆرتاڵ، شارەزایی، گرێبەست، متمانە، کەرتی تایبەت، ژنان، دیجیتاڵبوون، دارایی و پاراستنی کۆمەڵایەتی. لە قۆناغی دووەمدا، کۆدە نزیکەکان لە چوار بابەتی گەورەدا کۆکراونەتەوە: (١) ڕێکخستنی دامەزراوەیی و داتا؛ (٢) پەیوەندیی خوێندن و بازار؛ (٣) کوالێتیی کار و مافی کرێکار؛ و (٤) گشتگیریی ڕەگەزی و ئابووری.

دڵنیابوونەوە لە ڕوونی و جێگیریی کۆدکردن

بۆ زیادکردنی متمانەپێکراویی کۆدکردن (coding reliability)، دەقە تۆمارکراوەکە دووجار خوێندرایەوە: جارێکی یەکەم بۆ کۆدە سەرەتاییەکان و جارێکی دووەم بۆ پشکنینی هاوتایی کۆدەکان لەگەڵ دەق و بەڵگەنامە پشتیوانەکان. کۆدە هاوشێوەکان لە چوار بابەتی گەورەدا کۆکرانەوە و هەر دۆزینەوەیەک بە سەرچاوەی سەرەکی و، کاتێک گونجاو بوو، بە داتای فەرمی بەراورد کرا. چونکە توێژینەوەکە لەسەر یەک دەقی تۆمارکراوی فۆکەس گروپ دامەزراوە و دوو کۆدکەری سەربەخۆ بەکارنەهاتوون، هیچ پێوەری ئاماریی وەک Cohen's kappa بانگەشە ناکرێت؛ ئەمە وەک سنووری ڕوون لە توێژینەوەکەدا تۆمار کراوە.

پشتڕاستکردنەوەی سەرچاوە و ژمارە ڕاپۆرتکراوەکان

ژمارەکانی فۆکەس گروپ تەنها لە بەڵگەنامەی کورتەی فۆکەس گروپەکەوە وەرگیراون [1] و لەگەڵ ئاماری فەرمیی KRSO/CSO/ILO تێکەڵ نەکراون. چونکە بەڵگەنامەکە شێوازی نموونەگیری، ماوەی پێوانە و پێناسەی هەندێک لە ژمارەکان بە تەواوی ڕوون ناکاتەوە، ئەم ژمارانە وەک «ژمارەی ڕاپۆرتکراوی گرووپی فۆکەس» نیشان دراون، نەک وەک ئاماری نوێنەرایەتیی هەرێم. ئەم جیاکردنەوەی سەرچاوەییە بۆ ڕێگریکردن لە تێکەڵکردنی بەڵگەی چۆنایەتی و ڕاپرسیی فەرمی بەکار هاتووە.

ژمارەکانی فۆکەس گروپ تەنها بە شێوەی وەسفی و بۆ ناساندنی پەیامی کۆبوونەوەکە بەکار هاتوون. لە بەڵگەنامەی کورتەدا ژمارەی نووسینگەی فەرمی ٩، نووسینگەی بێمۆڵەت ١٣، ناوەندە ئۆنلاینەکان ٢٥٦، ژمارەی خستنەسەرکار ١,٢٣٦، ژمارەی بێکار ٢,٥٤٠ و ژمارەی پرۆژەکانی هەڵی کار ١,٣٥٧ هاتووە [1].

٣.٤. سنوورەکان و لایەنە ئەخلاقییەکان

ئەم توێژینەوەیە ڕاپرسییەکی نوێ نییە و ناتوانێت کاریگەریی هۆکاریی هەر سیاسەتێک یان هۆکارێک بسەلمێنێت. بەشداربووانی فۆکەس گروپ بە شێوەی هەڵبژاردەیی کۆکراونەتەوە و دەنگی هەموو کارخوازان، بەتایبەتی ژنان، کەسانی نەخوێندەوار، ناوچە دوورەکان و کارمەندانی نافەرمی، بە یەکسانی تێدا نییە. هەندێ بەش لە دەقە تۆمارکراوەکە بە ناسینەوەی دەنگ کراوەتە دەق و لەوانەیە هەڵەی زمانەوانی یان وشەی نادیاری تێدا هەبێت [2]، [3].

بۆیە ئەنجامەکان وەک شیکاریی تێروانین و میکانیزمی سیاسەتی پێشکەش دەکرێن، نەک وەک دۆزینەوەی هۆکاری. بەڵگەنامەکان و دەقی تۆمارکراوی گرووپی فۆکەس بە ڕەزامەندیی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی بەکار هاتوون، کە ڕێکخەری فۆکەس گروپەکە و بڵاوکەرەوەی ئەم توێژینەوەیەیە، و ناوی هیچ بەشداربوویەک ئاشکرا نەکراوە.

٤. ئەنجامەکان

٤.١. وێنەی ئاماریی دۆخەکە

خشتەی ٢. نیشاندەرە سەرەکییەکانی بازاڕی کار و ژمارە ڕاپۆرتکراوەکانی فۆکەس گروپ

نیشاندەر	بەها	سەرچاوە و تێبینی
بەشداریی هێزی کار لە KRI، ٢٠٢١	٤٥.٠٪	ئاماری KRSO بۆ هەرێم [4]
بەشداریی پیاوان لە KRI، ٢٠٢١	٧٣.٥٪	KRSO [4]
بەشداریی ژنان لە KRI، ٢٠٢١	١٦.٥٪	KRSO [4]
بێکاری لە KRI، ٢٠٢١	١٦.٥٪	KRSO [4]
بێکاریی پیاوان لە KRI، ٢٠٢١	١٣.٦٪	KRSO [4]
بێکاریی ژنان لە KRI، ٢٠٢١	٢٩.٦٪	KRSO [4]
بێکاریی گەنجان لە KRI، ٢٠٢١	٣٧.٢٪	تەمەنی ١٥–٢٤ ساڵ؛ KRSO [4]
NEET لە KRI، ٢٠٢١	٢٩.٦٪	گەنجانی ١٥–٢٤ ساڵ؛ KRSO [4]
بێکاریی گەنجان لە عێراق، ٢٠٢١	٣٥.٨٪	تەمەنی ١٥–٢٤ ساڵ؛ LFS [5]
کاری نافەرمی لە عێراق، ٢٠٢١	٦٦.٦٪	LFS [5]
NEET لە عێراق، ٢٠٢١	٣٦.٧٪	گەنجانی ١٥–٢٤ ساڵ؛ LFS [5]
بێکار لە داتای فۆکەس گروپ	٢,٥٤٠	ژمارەی ڕاپۆرتکراو؛ نوێنەرایەتیدار نییە [1]
خستنەسەرکار لە داتای فۆکەس گروپ	١,٢٣٦	ژمارەی ڕاپۆرتکراو؛ پێناسە و ماوە پێویستی بە پشترِاستکردنەوە هەیە [1]

خشتەی ٢ دوو ئاستی بەڵگە لێک جیا دەکاتەوە. ئاستی یەکەم ڕاپرسیی فەرمییە کە پێناسە و میتۆدۆلۆژیی دیاریکراوی هەیە؛ ئاستی دووەم ژمارەیەکی ڕاپۆرتکراوی فۆکەس گروپەکە کە بۆ گفتوگۆی سیاسەتی بەکار هاتووە. ئەم جیاوازییە ڕێگری دەکات لەوەی ژمارەی کۆبوونەوە وەک ئاماری گشتیی هەرێم پیشان بدرێت.

٤.٢. پەرتەوازەییی دامەزراوەیی و ناهاوسەنگیی زانیاری

یەکەم بابەتی دووبارەبووەوە لە بەڵگەکانی فۆکەس گروپ کەمبوونی پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لە نێوان وەزارەتی کار، زانکۆ و پەیمانگا، ناوەندی ڕاهێنان و کۆمپانیاکانە [1]، [2]. زانیاریی کارخواز و پۆستی بەتاڵ لە پلاتفۆرمە جیاوازەکاندا پەرتەوازەیە و زۆرجار پەیوەندی بە ناسین، تۆڕی کۆمەڵایەتی و کۆنتاکتی تاکەکەسییەوە دەبەستێتەوە. لەم ژینگەیەدا، کارخوازانی خاوەن تۆڕی بەهێز دەرفەتی زیاتر دەبینن و ئەوانەی دەستگەیشتنی کەمتر بە زانیارییان هەیە زیاتر لە بازاڕ دوور دەخرێنەوە.

بەشداربووان پێشنیاری پۆرتاڵێکی فەرمی و یەکگرتوویان کردووە کە ناوەندی مۆڵەتپێدراو، زانکۆ، پەیمانگا و کەرتی تایبەت پێکەوە ببەستێت [1]، [2]. پۆرتاڵی کار لەو ڕوانگەیەوە تەنها ئامرازێکی تەکنیکی نییە؛ پێویستی بە ناسنامەی یەکتا، پێناسەی هاوبەشی داتا، پۆستی بەتاڵی پشترِاستکراو، مۆڵەتنامەی دیار، ڕێگای سکاڵا و سیستەمی پاراستنی زانیاری هەیە.

پرسەکە تەنها ئەوە نییە کێ داتا کۆدەکاتەوە. دەبێت بزانرێت کێ خاوەنی داتای کارخوازە، کێ مۆڵەت بە ناوەندەکان دەدات، کێ سکاڵا لێکدەداتەوە و کێ ئەنجامی سیاسەتەکە هەڵدەسەنگێنێت. ئەگەر ئەم بەرپرسیارییە جیاوازانە بە ڕوونی دیاری نەکرێن، پۆرتاڵەکە دەتوانێت پەرتەوازەییی کۆن بە شێوەی دیجیتاڵ دووبارە بکاتەوە.

٤.٣. ناگونجانی نێوان خوێندن و داواکاریی بازاڕ

بەڵگەکانی UNESCO، توێژینەوەی ئەکادیمی و دەقی تۆمارکراوی فۆکەس گروپ لە یەک خاڵدا کۆدەبنەوە: دەرچوون لە پرۆگرامێکی خوێندن بە تەنیا گەرەنتیی دامەزراندن نییە [2]، [7]، [8]. خاوەنکاران لەگەڵ بڕوانامەدا توانای کردار، کارکردن بە تیم، چارەسەرکردنی کێشە، بەڕێوەبردنی فشار، پەیوەندی و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا داوا دەکەن [2]. بەڵام ئەم توانایانە دەبێت بەپێی پیشە و کەرت پێناسە بکرێن؛ نابێت بە لیستێکی گشتیی «شارەزاییی نەرم» (soft skills) کورت بکرێنەوە.

هەروەها، بێکاری نابێت بە تەواوی بخرێتە سەر شانی خوێندکار یان زانکۆ. شێوازی ناساندن، چاوەڕوانیی خێزان، کەلتووری کار، بەهادان بە کاری حکومی و شێوازی ڕکابەری لە کەرتی تایبەت، هەموویان دەرفەتی دامەزراندن دیاری دەکەن [8]. کەواتە، خولی شارەزایی بەبێ گۆڕینی میکانیزمی پەیوەندیی بازار و چاودێریی کوالێتیی کار، تەنها بەشێک لە کێشەکە چارەسەر دەکات.

ڕاپۆرتی UNESCO پێشنیار دەکات زانیاریی داواکاریی کەرتەکان، پێویستیی خاوەنکار و ڕەوتی گۆڕانی تەکنەلۆژیا بە شێوەی بەردەوام کۆبکرێتەوە [7]. لە هەرێمدا، ئەمە پێویستی بە دەستەی ڕاوێژکاریی خاوەنکاران، داتای شوێنەکانی دامەزراندن و سیستەمی بەدواداچوونی دەرچووان هەیە.

٤.٤. متمانە، گرێبەست و کوالێتیی دامەزراندن

لە بەڵگەکانی فۆکەس گروپدا، متمانە و پاراستنی یاسایی وەک کێشەی بنەڕەتی دەردەکەون [1]، [2]. کرێکاران باس لە گرێبەستی نادیار، کێشەی وەرگرتنی ماف، درێژبوونی پرۆسەی سکاڵا و لاوازیی چاودێری دەکەن. ناوەندی کاریش پێویستی بە ڕوونکردنەوەی ئەوە هەیە کە بەرپرسیاریی یاساییی لە دوای ناساندنی کارخواز بە خاوەنکار تا کوێیە.

ناڕوونیی بەرپرسیارییەکان دوو مەترسیی سەرەکی دروست دەکات. یەکەم، کارخواز دەتوانێت بۆ کارێکی فەیک یان شوێنێکی مەترسیدار بنێردرێت. دووەم، نووسینگەی دامەزراندن دەتوانێت لە مەترسیی یاسایی بترسێت و خزمەتگوزارییەکەی بە شێوەیەکی لاواز دابین بکات. ڕێنماییی نوێ دەبێت نێوان مۆڵەتدان، پشتڕاستکردنەوەی پۆستی بەتاڵ، پشکنینی شوێنی کار، هاوتاکردن، دابینکردنی گرێبەست و بەدواداچوونی سکاڵا جیا بکاتەوە.

گرێبەستی ئەلیکترۆنی دەتوانێت بەشێک لە کێشەکە کەم بکات، بەڵام دیجیتاڵبوون بە تەنیا پاراستن نییە. گرێبەست دەبێت بە زمانی کوردی و بە شێوەیەکی ئاسان بنووسرێت و مووچە، کاتی کار، مۆڵەت، بیمە، ماوەی گرێبەست، مەرجی کۆتاییهێنان و ڕێگای سکاڵا دیاری بکات. کارخواز دەبێت کۆپییەکی پارێزراوی گرێبەستەکەی هەبێت و بتوانێت بە ئاسانی دۆخی تۆماربوونی خۆی بپشکنێت.

٤.٥. ژنان و گرووپە کەمدەستگەیشتووەکان

ئاماری KRSO جیاوازییەکی قوواڵی ڕەگەزی نیشان دەدات: بەشداریی ژنان لە هێزی کار ١٦.٥٪ و بێکارییان ٢٩.٦٪ بووە، لە کاتێکدا بەشداریی پیاوان ٧٣.٥٪ و بێکارییان ١٣.٦٪ بووە [4]. ئەم دۆخە نیشان دەدات کە سیاسەتی گشتیی شارەزایی بە تەنیا بەس نییە. سەلامەتیی شوێنی کار، گواستنەوە، چاودێریی منداڵ، جۆری گرێبەست، متمانە بە خاوەنکار و دەستگەیشتن بە دارایی، هەموویان کاریگەرییان لەسەر توانای ژنان بۆ چوونە ناو بازار و مانەوەی تێیدا هەیە.

بەشداربووان لە دەقی تۆمارکراودا مەترسیی شوێنە فەیک و ئاگەیاندنی کار بۆ ژنان و گەنجان باس دەکەن [2]. ئەم گوتانە نابێت وەک ڕێژەی گشتی وەربگیرێن، بەڵام پێویستی بە وەڵامی پێشگیرانە دروست دەکەن: تۆماری گشتیی ناوەندە مۆڵەتپێدراوەکان، ئاگاداریی ڕوون لە پارەی نایاسایی و پۆستی بەتاڵی ناپشتڕاستکراو، ڕێگای سکاڵای نهێنی و پەیوەندی بە خزمەتگوزارییەکانی پاراستن.

سیستەمی دامەزراندن نابێت تەنها بۆ دەرچووانی زانکۆ دروست بکرێت. کەسانی کەمخوێندەوار، خێزانە کەمداهاتەکان، گەنجانی دەرەوەی شار، کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت و کارمەندانی نافەرمی دەبێت بتوانن بە شێوەیەکی ئاسان تۆمار ببن و خزمەت وەربگرن [2]. ئەمە پێویستی بە ناوەندی ناوخۆیی، خزمەتگوزاریی گەڕۆک و ڕاهێنانی گونجاو لەگەڵ کاتی کار و بەرپرسیاریی خێزان هەیە.

٤.٦. دیجیتاڵبوون، کارئافرێنی و دارایی

لە فۆکەس گروپدا پلاتفۆرمە دیجیتاڵەکان وەک Job Studio و پۆرتاڵی کار بە نموونەی هەوڵی نزیککردنەوەی کارخواز و خاوەنکار باس کراون [2]. بەڵام ژمارەی زۆری پلاتفۆرم بەبێ یەکگرتنی داتا و چاودێری دەتوانێت ئاڵۆزی زیاد بکات. پۆرتاڵی گشتی دەبێت ژێرخانێکی متمانەپێکراوی بازار بێت: پێناسەی هاوبەش، پەیوەندیی داتا، پاراستنی زانیاریی کەسی، پشتڕاستکردنەوەی پۆستی بەتاڵ و ڕاپۆرتی ئەنجام.

ڕۆڵی ناوەندی کاریش دەبێت لە «ئامادەکردنی کارمەند» فراوانتر بێت. هەندێ گەنج دەتوانێت بە بوون بە خاوەن پڕۆژە و دروستکردنی هەلی کار بەشدار بێت [2]. بانکی نێودەوڵەتی نیشان دەدات بزنسە نافەرمییەکان زۆرجار بە پاشەکەوتی خۆی و قەرزی خێزان دەست پێدەکەن و بەهۆی کەفیل، نرخ و پڕۆسەی ئاڵۆز لە قەرزی فەرمی دوور دەکەونەوە [9].

بۆیە ڕاهێنانی کارئافرێنی دەبێت لەگەڵ پلانی بزنس، سوادی دارایی، تۆمارکردنی داهات و خەرجی، بازارناسی، ڕاوێژکاری و ڕێنمایی و ڕێگای ڕوون بۆ دەستگەیشتن بە دارایی یەکبخرێت. پشتیوانیی دارایی دەبێت بە پشکنینی کاروبار، چاودێریی ڕوون و ئاشکرا و پاراستنی قەرزخواز هاوبەش بێت تا مەترسیی قەرزی نابەردەوام بۆ گەنجان دروست نەکات.

٥. چوارچێوەی بازاڕی کاری یەکگرتوو

لەسەر بنەمای ئەنجامەکان، ئەم توێژینەوەیە چوارچێوەیەکی یەکگرتوو پێشنیار دەکات. مەبەست لە یەکگرتن ئەوە نییە هەموو دامەزراوەکان لە یەک دەزگا تێکەڵ بکرێن؛ بەڵکو بەرپرسیارییەکان جیاواز بمێننەوە، بەڵام داتا، پێوەر، ڕەوانەکردن، گرێبەست و چاودێری بە ڕێوشوێنی هاوبەش پێکەوە ببەسترێن.

خشتەی ٣. پێکهاتەکانی چوارچێوەی «بازاڕی کاری یەکگرتوو»

پێکهاتەی سیستەم	کاری سەرەکی	ئەنجامی چاوەڕوانکراو
پۆرتاڵی نیشتیمانیی دامەزراندن	تۆمارکردنی کارخواز، پۆستی بەتاڵ، ناوەندی مۆڵەتپێدراو و گرێبەست	کەمکردنەوەی پەرتەوازەیی و زیادکردنی شەفافیەت
تۆڕی خزمەتگوزاریی گشتی و تایبەت	ڕێنمایی، ڕەوانەکردن، چاوپێکەوتن، هاوتاکردن و بەدواداچوونی دوای دامەزراندن	زیادکردنی کارایی و پاراستنی کارخواز
پەیوەندیی زانکۆ و فێرکردنی پیشەیی و تەکنیکی	ڕاپرسیی خاوەنکاران، ڕاهێنانی کرداری و بەدواداچوونی دەرچووان	کەمکردنەوەی ناگونجانی شارەزایی
گرێبەستی ستاندارد و پاراستنی کۆمەڵایەتی	گرێبەستی ڕوون، مووچە، بیمە و سکاڵا	بەرزکردنەوەی کوالێتی و متمانە
یەکەی مۆڵەت و پشکنین	تۆمار، وردبینی، سزای پێشێلکاری و ڕێگری لە شوێنی فەیک	کەمکردنەوەی هەڵخەڵەتاندن و زیان
پشتیوانیی پڕۆژە بچووک و ماماوەند	ڕاهێنان، ڕاوێژکاری و ڕێنمایی، دارایی و بەدواداچوون	دروستکردنی هەلی کاری بەردەوام
یەکەی داتا و هەڵسەنگاندن	داشبۆرد، نیشاندەر، ڕاپۆرتی ساڵانە و ڕاوبۆچوون	بڕیاردانی پشتبەستوو بە بەڵگە

٥.١. پۆرتاڵی گشتی و بەڕێوەبردنی داتا

وەزارەتی کار دەبێت پۆرتاڵێکی فەرمی و کراوە دابمەزرێنێت کە هەموو ناوەندی دامەزراندن ـ گشتی و تایبەت ـ لەسەر بنەمای مۆڵەت تێیدا تۆمار بکرێن. لە پڕۆفایلی هەر ناوەندێکدا دەبێت ژمارەی مۆڵەت، ماوەی بەسەرچوون، شوێن، جۆری خزمەتگوزاری، تێچووی خزمەت و ڕێگای سکاڵا بە ڕوونی بخرێتەڕوو.

داتای کارخواز دەبێت بە ڕەزامەندیی زانیاریدار کۆبکرێتەوە. دەستگەیشتن بە داتا دەبێت بە پێی بەرپرسیارییەکان سنووردار بێت، ماوەی پاراستن دیاری بکرێت و کارخواز بتوانێت زانیارییە نادروستەکانی چاک بکاتەوە. بۆ بەستنەوەی زانکۆ، پەیمانگا و کۆمپانیاکان، پۆرتاڵەکە پێویستی بە شێوازی یەکسان بۆ ئاڵوگۆڕی پۆستی بەتاڵ و کاندید هەیە.

٥.٢. مۆڵەت، چاودێری و بەرپرسیاریی یاسایی

ڕێنماییی ناوەندی دامەزراندن دەبێت نوێ بکرێتەوە و جیاوازیی نێوان مۆڵەتدان، پشتڕاستکردنەوەی پۆستی بەتاڵ، پشکنینی شوێنی کار، ناساندنی کارخواز، دابینکردنی گرێبەست و بەدواداچوونی سکاڵا دیاری بکات. ناوەندەکان دەبێت پابەند بن بە ڕاگەیاندنی مۆڵەت و تێچووی خزمەت، پاراستنی داتای کەسی، ڕێگری لە بانگەشەی نادروست و هەماهەنگی لەگەڵ دەزگای کار.

لەگەڵ تۆماری گشتی، پێویستە میکانیزمی سکاڵای ئۆنلاین و ئاگاداریی خێرا لە شوێنە فەیکەکان دروست بکرێت. سزاکان دەبێت پۆلێنکراو و ئامانجدار بن. کارمەند و بزنسە کەمداهاتەکان پێویستیان بە ڕێگای ئاسان بۆ فەرمییوون و پاراستن هەیە؛ بەڵام پێشێلکاریی گەورە و دووبارەبووەکان دەبێت بە شێوەی یاسایی بەدواداچوون و سزادان بکرێن [9]، [12].

٥.٣. بەستنەوەی زانکۆ و بازار

زانکۆ و پەیمانگا دەبێت کۆمیتەی ڕاوێژکاریی خاوەنکار هەبێت و هەر ساڵ داتای پێویستیی پیشە، بواره گەشەکەرەکان و شارەزاییی خوازراو کۆبکاتەوە. دەرچوانیش دەبێت لە دوای ٦، ١٢ و ٢٤ مانگ بەدواداچوونیان بۆ بکرێت. ئەم بەدواداچوونە دەبێت دۆخی کار، جۆری گرێبەست، پەیوەندیی کار بە پسپۆڕی، داهات و ماوەی گەڕان بەدوای کار تۆمار بکات.

پڕۆگرامەکانی فێرکردنی پیشەیی و تەکنیکی دەتوانن وەک پردێک کار بکەن بۆ ئەو دەرچووانەی کە بڕوانامەیان هەیە بەڵام پێویستیان بە توانای کردار هەیە. خولەکان دەبێت کورت، کردارمحور و بە پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خاوەنکار بن. هەڵسەنگاندنیان نابێت بە ژمارەی بڕوانامە کۆتایی بێت؛ دەبێت دامەزراندن، مانەوە لە کار و کوالێتیی گرێبەست بپێوێت [7]، [8].

٥.٤. کارێکی شایستە و پاراستنی کۆمەڵایەتی

هەر دامەزراندنێک نابێت بە سەرکەوتن دابنرێت. پێویستە خستنەسەرکار لەگەڵ پێوەرەکانی کارێکی شایستە هەڵسەنگێنرێت: بوونی گرێبەستی نووسراو، مووچەی ڕێک، کاتی کاری ڕوون، مۆڵەت، بیمە و پاراستنی کۆمەڵایەتی، سەلامەتیی پیشەیی و ڕێگای سکاڵا. ئەم ڕوانگەیە لەگەڵ ئامانجەکانی ILO بۆ کاری شایستە (decent work) و ڕاسپاردەی ژمارە ٢٠٤ (R204) بۆ گواستنەوەی دادپەروەرانە لە نافەرمییەوە بۆ فەرمییوون هاوتایە [10]، [12].

گرێبەستی ستاندارد دەبێت بە زمانی کوردی و بە وشەی ئاسان بەردەست بێت. پێش واژۆکردن، کارخواز دەبێت بتوانێت مەرجەکان بخوێنێتەوە و ڕوونکردنەوە وەربگرێت. نێوەندگیری دەتوانێت قۆناغی سەرەتاییی چارەسەرکردنی ناکۆکی بێت، بەڵام نابێت جێگرەوەی مافی پەنابردن بۆ دادگا بکرێت.

٥.٥. پشتیوانیی کەرتی تایبەت و دروستکردنی توانای ناوخۆ

ئەگەر کۆمپانیایەک لە بواریکی دیاریکراودا کەمیی پسپۆری ناوخۆ هەبێت، پلانی کاتیی گواستنەوەی شارەزایی دەتوانێت بەکاربهێنرێت. لەو پلانەدا دەبێت شارەزاییی پێویست، ماوەی ڕاهێنان، بەرپرسیاریی فێرکردن و پێوەری گواستنەوەی تواناکان بۆ کارمەندی ناوخۆ دیاری بکرێت. جێبەجێکردنەکە دەبێت پشت بە پێویستیی ڕاستەقینەی بازار و چاودێریی ڕوون و ئاشکرا ببەستێت، نەک بە ژمارەیەکی بێپشتگیری.

حکومەت دەتوانێت بۆ کۆمپانیا پابەندەکان خزمەتگوزاریی ڕاهێنان، ڕاوێژکاری و ئاسانکاریی ڕێکخستنی دابین بکات. بەرامبەر ئەوە، کۆمپانیا دەبێت گرێبەستی نووسراو، نەبوونی جیاکاری و ڕاپۆرتی پێشکەوتن لە ڕاهێنان و مانەوەی کارمەند دابین بکات.

٦. پلانێکی جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندن

جێبەجێکردنی سیستەمی یەکگرتوو دەبێت قۆناغقۆناغ بێت. لە قۆناغی یەکەمدا، وەزارەتی کار دەبێت کۆمیتەیەکی سێلایەن دابمەزرێنێت کە حکومەت، خاوەنکار و کرێکار تێیدا نوێنەرایەتی بکرێن، لەگەڵ بەشداریی زانکۆ، پەیمانگا، ناوەندی کار و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان. کۆمیتەکە دەبێت پێناسەی کارخواز و بێکار، پێوەرەکانی پۆستی بەتاڵ، بەرپرسیاریی دامەزراوەکان و بنەماکانی بەکارهێنانی داتا دیاری بکات. ئەم شێوازە لەگەڵ هەوڵەکانی ILO بۆ پشتگیریی دارشتنی سیاسەتی نیشتیمانیی کار (National Employment Policy) بۆ حکومەتی هەرێم هاوتایە [6].

لە قۆناغی دووەمدا، پۆرتاڵ و ڕێکارییەکان لە یەک یان دوو پارێزگادا بە شێوەی تاقیکاری جێبەجێ بکرێن. ناوەندی هەڵبژێردراو، زانکۆ، پەیمانگا و کۆمپانیاکان بە سیستەمەکەوە ببەسترێن. پێش فراوانکردن، دەبێت پشترِاستیی پۆستی بەتاڵ، ئاسانکاریی تۆمارکردن، پاراستنی داتا، ژمارەی ڕەوانەکردنی تەواوکراو، جۆری گرێبەست و توانای ژنان بۆ بەکارهێنانی سیستەم هەڵسەنگێنرێت.

لە قۆناغی سێیەمدا، سیستەمەکە بۆ هەموو هەرێم فراوان بکرێت و ڕاپۆرتی ساڵانەی بازاڕی کار بڵاو بکرێتەوە. فراوانکردن نابێت خۆکار بێت؛ ئەگەر تاقیکردنەوەکە ژمارەی تۆماربووان زیاد بکات بەڵام کوالێتیی کار، مانەوە و پاراستنی کرێکار بەرز نەکات، پرۆگرامەکە دەبێت پێش فراوانکردندا چاک بکرێتەوە.

خشتەی ٤. پلانی قۆناغبەندیی جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندن

ماوە	کارە سەرەکییەکان	بەرپرسیارانی سەرەکی	نیشاندەری سەرەتایی
٠–٦ مانگ	کۆمیتەی هاوبەش، پێناسەی داتا، تۆماری مۆڵەت	وەزارەتی کار و لایەنە پەیوەندیدارەکان	پرۆتۆکۆڵی حوکمڕانی و تۆماری گشتی
٦–١٢ مانگ	تاقیکردنەوەی پۆرتاڵ، گرێبەستی ستاندارد، ڕاهێنانی ناوەندەکان	وەزارەت، تیمەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری و ناوەندی مۆڵەتپێدراو	پۆستی بەتاڵی پشترِاستکراو و ڕەوانەکردنی تەواوکراو
١٢–٢٤ مانگ	پەیوەندیی زانکۆ/TVET، خولی کورت و ڕەوانەکردن بۆ دامەزراوە داراییەکان	زانکۆ، پەیمانگا، خاوەنکار و دامەزراوە داراییەکان	خستنەسەرکار، مانەوە لە کار و بەشداریی ژنان
دوای ٢٤ مانگ	هەڵسەنگاندنی سەربەخۆ و نوێکردنەوەی سیاسەت	یەکەی داتا و هەڵسەنگاندن	ڕاپۆرتی ساڵانە و گۆڕینی پرۆگرام بە بەڵگە

پێوەرەکانی سەرکەوتن دەبێت لە ڕێژەی خستنەسەرکار فراوانتر بن. پێشنیار دەکرێت ئەم نیشاندەرانە بەردەوام بپێورێن: ژمارەی کارخوازانی تۆمارکراو بە پێی ڕەگەز، تەمەن، پارێزگا و ئاستی خوێندن؛ ژمارەی پۆستی بەتاڵی پشتڕاستکراو؛ ماوەی ناوەندی لە تۆمارکردن تا چاوپێکەوتن و دامەزراندن؛ ڕێژەی گرێبەستی نووسراو؛ مانەوەی ٦ و ١٢ مانگ؛ بەشداریی ژنان؛ ژمارەی سکاڵا و کاتی چارەسەرکردنیان؛ و ئەنجامی وردبینیی ناوەندەکان.

هەر پڕۆگرامێکی ڕاهێنان دەبێت بە هەڵسەنگاندنی پێش و دوای ڕاهێنان و بەدواداچوون هەڵسەنگێنرێت. ژمارەی بڕوانامە بە تەنیا نیشاندەری سەرکەوتن نییە؛ پێویستە گۆڕانی توانای کردار، دەستگەیشتن بە چاوپێکەوتن، دامەزراندن، داهاتی جێگیر و کوالێتیی گرێبەستیش بپێورێت.

٧. گفتوگۆ

ئەنجامەکان نیشان دەدەن پۆرتاڵی گشتی پێویستە، بەڵام بە تەنیا بەس نییە. ئەگەر پۆرتاڵ بەبێ تۆماری مۆڵەت، پاراستنی داتا، گرێبەستی ستاندارد، پشکنینی شوێنی کار و داتای نوێی بازار دروست بکرێت، دەتوانێت پەرتەوازەییی کۆن بە شێوەی دیجیتاڵ دووبارە بکاتەوە. بۆیە دیجیتاڵبوون دەبێت وەک ئامرازێک بۆ گۆڕینی ڕێکخستنی دامەزراوەیی بەکاربهێنرێت، نەک وەک جێگرەوەی ئەو گۆڕانکارییە.

جیاوازیی ڕەگەزیی KRSO نیشان دەدات کە نیشاندەری گشتیی خستنەسەرکار دەتوانێت نایەکسانی بشارێتەوە [4]. هەر سیاسەتێک دەبێت داتا بە پێی ڕەگەز و پارێزگا بڵاو بکاتەوە و مەترسیی سەلامەتی، گواستنەوە، چاودێریی منداڵ، پارەی نایاسایی و مۆڵەتی کار لەبەرچاو بگرێت. بەرزکردنەوەی شارەزایی بۆ ژنان بەبێ دڵنیابوون لە شوێنی کاری متمانەپێکراو، بەردەوامییەکی کەم دەبێت.

هەروەها، پەیوەندیی زانکۆ و بازار نابێت بکرێتە پێشبڕکێی نێوان بڕوانامەی ئەکادیمی و پیشەیی. پرسیاری گرنگ ئەوەیە سیستەمی خوێندن چۆن توانای کردار دروست دەکات، خاوەنکار چۆن داواکاریی خۆی ڕوون دەکاتەوە و چۆن ڕاوبۆچوونی بازار بگەڕێتەوە بۆ پڕۆگرامی خوێندن. پێوانەی توانای ڕاستەقینە، ڕاوبۆچوونی خاوەنکاران و بەدواداچوونی دەرچووان دەتوانێت لە جێگرتنەوەی بڕوانامە بە ناسنامەی کۆمەڵایەتی یان کۆنتاکت ڕێگری بکات [7]، [8].

لە کۆتاییدا، فەرمییوونی بازار دەبێت بە ڕێگایەکی هێواش و دادپەروەرانە بێت. بانکی نێودەوڵەتی نیشان دەدات کار و بزنسە کەمداهاتەکان بە تێچووی تۆمارکردن، کەمبوونی دارایی و متمانە و لاوازیی توانای دامەزراوەیی ڕووبەڕوون [9]. سەرەتا پێویستە فەرمییوون بە گرێبەست، بیمە، دارایی و خزمەتگوزاریی ڕوون سوودبەخش بکرێت؛ پاشان چاودێری و سزای ئامانجدار بۆ پێشێلکاریی گەورە بەهێز بکرێت [12].

٨. کۆتایی و پێشنیارە سەرەکییەکان

ئەم توێژینەوەیە لەسەر بنەمای بەراوردکردنی بەڵگەی فۆکەس گروپ دامەزراوەی ڤیژن و سەرچاوە فەرمی و ئەکادیمییەکان، ئەوە دەخاتەڕوو کە کێشەی بازاڕی کاری هەرێمی کوردستان کێشەیەکی یەک‌هۆکاری نییە. بێکاریی گەنجان، بێکاریی ژنان، ناگونجانی شارەزایی، کاری نافەرمی، کەمبوونی متمانە، پەرتەوازەیی دامەزراوەکان و لاوازیی دەستگەیشتن بە دارایی بەیەکەوە کار دەکەن.

وەڵامی سیاسەتی پێویستە سیستەمئامێز بێت. پۆرتاڵی نیشتیمانیی دامەزراندن دەبێت ناوەندی گشتی و تایبەت، زانکۆ و کەرتی تایبەت بە داتا و ڕێنماییی هاوبەش پێکەوە ببەستێت. مۆڵەت و بەرپرسیاریی ناوەندەکان دەبێت ڕوون بکرێتەوە. گرێبەستی ستاندارد و پاراستنی کۆمەڵایەتی دەبێت ببنە پێوەری کوالێتیی دامەزراندن. زانکۆ و فێرکردنی پیشەیی و تەکنیکی دەبێت بە داتای داواکاریی بازار و ڕاوبۆچوونی خاوەنکاران پەیوەست بن. پشتیوانیی کارئافرێنی و پڕۆژە بچووکەکانیش دەبێت لەگەڵ ڕاوێژکاری و ڕێنمایی، داراییی گونجاو و چاودێریی ئەنجام یەکبخرێت.

بۆ قۆناغی داهاتوو، پێشنیار دەکرێت ڕاپرسییەکی نوێ یان توێژینەوەی میتۆدی تێکەڵ (mixed-methods) لە چوار پارێزگای هەرێم ئەنجام بدرێت. ئەو توێژینەوەیە دەبێت داتای کارخواز، خاوەنکار و ناوەندی کار بە پێی ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندن، پارێزگا و جۆری گرێبەست کۆبکاتەوە. هەروەها تاقیکردنەوەی پۆرتاڵ دەبێت بە بەدواداچوونی درێژخایەن و، ئەگەر گونجاو بوو، بە شێوازی نیمچەتاقیکاری (quasi-experimental) هەڵسەنگێنرێت.

ئەم دەقە توێژینەوەیەکی شیکاریی کارگێڕییە، نەک ڕاپرسییەکی نوێنەرایەتیکەر یان هەڵسەنگاندنێکی هۆکاری. بەڵام بە ڕێکخستنی کێشەکە بە شێوەیەکی سیستەمی و پێشکەشکردنی چوارچێوەیەکی جێبەجێکراو، دەتوانێت ببێتە بنەمای توێژینەوەی مەیدانیی داهاتوو و گفتوگۆی کرداری پشتبەستوو بە بەڵگە.

سوپاسگوزاری

سوپاس بۆ دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی بۆ دابینکردنی بەڵگەنامە و دەقی تۆمارکراوی فۆکەس گروپ«لەبارەی کار و کارکردن. هەروەها سوپاس بۆ دامەزراوە گشتی و نێودەوڵەتییەکان کە ڕاپۆرت و داتای گشتییان بۆ توێژینەوە و سیاسەت بەردەست کردووە.

ڕاگەیاندنی بەردەستبوونی داتا

بەڵگەی چۆنایەتیی سەرەکی لە بەڵگەنامەکان و دەقی تۆمارکراوی فۆکەس گروپ پێکدێت، کە لای دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی پارێزراون و بە گشتی بەردەست نین. ڕاپۆرتە فەرمییەکانی بەکارهاتوو لە ڕێگەی لینکەکانی بەشی سەرچاوەکانەوە بەردەستن.

ڕاگەیاندنی ئەخلاقی

بەڵگەی چۆنایەتیی ئەم توێژینەوەیە لە گفتوگۆی فۆکەس گروپێکەوە هاتووە کە دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ڕێکی خستووە، لەگەڵ سەرچاوە بڵاوکراوەکان. بەشدارییەکانی فۆکەس گروپ بە پێی جۆری لایەن و بابەتی گفتوگۆ خراونەتەڕوو و ناوی هیچ بەشداربوویەک ئاشکرا نەکراوە.

سەرچاوەکان

[1] Vision Foundation for Strategic Studies، ٢٠٢٦، فۆکەس گروپ لەبارەی کار و کارکردن: بەڵگەنامەی کورتە، سلێمانی، بڵاونەکراوە.

[2] Vision Foundation for Strategic Studies، فۆکەس لەبارەی کار و کارکردن: دەقی تۆمارکراوی گفتوگۆ، سلێمانی گروپ، ٢٠٢٦، بەڵگەی بنەڕەتیی بڵاونەکراوە.

[3] Vision Foundation for Strategic Studies، فۆکەس گروپ لەبارەی کار و کارکردن: دەقی سکانکراو و پێشنیارە سەرەتاییەکان، سلێمانی، ٢٠٢٦، بڵاونەکراوە.

[4] Kurdistan Region Statistics Office, Labour Force Survey 2021: Kurdistan Region of Iraq, Ministry of Planning, Kurdistan Regional Government, 2022. [Online]. Available: https://krso.gov.krd/content/upload/1/root/labour-force-survey-report-kurdistan-region-of-iraq-2021.pdf. KRSO indicator page: https://krso.gov.krd/en/indicator/population-and-labor-force/labor-force/labor-force-participation

[5] International Labour Organization, Central Statistical Organization, and Kurdistan Region Statistics Office, Iraq Labour Force Survey 2021, 2022. [Online]. Available: https://iraq.un.org/sites/default/files/2022-07/wcms_850359.pdf

[6] International Labour Organization, "ILO launches 3-day workshop to support drafting of National Employment Policy for the Kurdistan Region Government under PROSPECTS Partnership in Iraq," United Nations Iraq, Aug. 12, 2025. [Online]. Available: https://iraq.un.org/en/299626-ilo-launches-3-day-workshop-support-drafting-national-employment-policy-kurdistan-region

[7] UNESCO, "Assessment of the labour market & skills analysis: Iraq and Kurdistan Region-Iraq," UNESCO Iraq TVET Reform Programme, 2019. [Online]. Available: https://www.unesco.org/en/articles/assessment-labour-market-skills-analysis-iraq-and-kurdistan-region-iraq

[8] V. Whiteside and J. Cross, "Recontextualising graduate employability in support of pedagogical reform in public universities in the Kurdistan Region-Iraq," Studies in Ethnicity and Nationalism, vol. 23, no. 3, pp. 355–368, 2023, doi: 10.1111/sena.12407.

[9] D. Moosa, J. Abdel Ahad, and V. Moreira, Understanding Urban Informality in Iraq: Findings from the Informal Sector Enterprise Survey, World Bank, May 2023. [Online]. Available: https://documents1.worldbank.org/curated/en/099071923151021596/pdf/P17163902cc6160b70abfd037bbb20e0958.pdf

[10] International Labour Organization, Factsheet: Ratification of ILO Employment Services Conventions, Dec. 19, 2023. [Online]. Available: https://www.ilo.org/publications/factsheet-ratification-ilo-employment-services-conventions

[11] International Labour Organization, Employment Policy Recommendation, 1964 (No. 122), 1964. [Online]. Available: https://www.ilo.org/resource/r122-employment-policy-recommendation-1964

[12] International Labour Organization, Recommendation concerning the Transition from the Informal to the Formal Economy, 2015 (No. 204), International Labour Conference, 104th Session, June 12, 2015. [Online]. Available: https://www.ilo.org/resource/other/ilc/ilc104/r204-recommendation-concerning-transition-informal-formal-economy

دەربارەی دامەزراوەی ڤیژن

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی (VFSS)، ناوەندێکی سەربەخۆی توێژینەوە و داڕشتنی سیاسەتە. ئامانجی ئەم دامەزراوەیە بەرهەمهێنانی توێژینەوەی بەڵگەدار و شیکاریی ستراتیژییە بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان.